# بەرەو سەپاندنی (مافی چارەی خۆنووسین، تا ڕادەی جیابوونەوە) لە دەستووری عێراقیدا

سالار سۆفی
salarsofy@hotmail.com

ئەو هەنگاوە گرنگ و مێژووییەی کە خەڵکی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی چاوەڕووانین، بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە پاشماوەکانی سەردەمی دیکتاتۆرییەت و کۆنەپەرستی و جینۆساید و ڕەگەزپەرستی و پلەوپایە بەخشین بە هەندێك لە نەتەوە و ڕەگەز و گرووپە ئێتنی و چین و توێژەکان و لەبەرامبەریشدا بێمافکردنی هەندێکی تریان، بڕیاردانە لەسەر دەستوورێکی نوێ و جێگیر و هاوچەرخی ئەوتۆ، کە گشت هاوڵاتییان وەك ئەندامی یەکسانی کۆمەڵگا لە ئەرك و مافەکانیاندا، بتوانن لە سایەیدا بەشداری ڕاستەوخۆ و کاریگەریان هەبێت لە بڕیاردان لەسەر داهاتووی خۆیان.

دەستووری چاوەڕوانکراو دەبێت بە سەرچاوە و بنەمای سەرەکی دروستکردنەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت و کۆمەڵگای کوردستان و عێراق و ئەو یاسایانەی دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەستوورە بڕیاریان لەسەر دەدرێت، بۆیە پێویستە گرنگییەکی تایبەت بەم دەستوورە بدەین و بتوانین بە قورساییەکی زۆرەوە پێ لەسەر داواکارییەکانمان دابگرین و لە دەستووری جێگیری عێراقیدا بیسەپێنین.

یەکێك لە گرنگترین و دیارترین کێشەکانی عێراق هەر لە (دروستکردنییەوە) تا ئەمڕۆ، کێشەی کوردستان و مافەکانی گەلی کورد بووە. لەو ڕۆژەوەی کە عێراق بەزۆر کراوە بە زڕدایکی کوردستان و گەلی کوردیش بە کەنیزەکی گەلی عەرەب، پەیوەندی نێوان ئەم دووانە ڕێك لە شێوەی کۆیلە و کۆیلەداردا بووە. بە درێژایی بوونی دەوڵەتی عێراق، کوردستان تەعریب و گەلی کوردیش قڕ کراون، ئاوی سازگاری کانییەکانی چیمەنتۆڕێژ و داربەڕوو و گوێزەکانی سوتێنراون، ژنانی کورد فرۆشراو و پیاوانیش زیندەبەچاڵ کراون.

تا ئێستا چەندین جار بە ناوی برایەتی و هاوولاتی و ئیسلامەتی و. . . . . . تاد، لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە دەست بە گفتوگۆی ئاشکرا و نهێنی لەگەڵ ڕژێمە عێراقییەکاندا کراوە. گەلێك جار لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی ڕژێمی عێراقەوە بەڵێنی (ئۆتۆنۆمی!) دراوە و هەڵوەشاوەتەوە، ئەمجارەیان داوای (ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە!!) کراوە، کات و وزەیەکی زۆر بە فیڕۆ دراوە و دیسان بێسوود بووە و لە ئەنجامدا سیاسەتێکی شۆفێنییانەی توندتر لە دژی گەلی کورد پەیڕەو کراوە. ئەم سیناریۆیانە کە دەرهێنەرەکانی ڕژێمە فاشیە عەرەبییە عێراقییەکان بوون، هەمیشە هێزە کوردییەکانیان لە بازنەی (شەڕ، ئاگربەست، گفتوگۆ، شەڕ) دا هێشتووەتەوە و گەلی کوردیش بە سادەترین مافەکانی خۆی نەگەیشووە و تەنانەت چەندین کەسی قارەمانیش لەو ڕێگایەدا تیاچوون و بەم جۆرەش دوژمن توانیویەتی زەبری کوشندە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووەشێنێت.

دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە سایەی ڕژێمە یەك لەدووای یەکەکانی عێراقدا بە شێوەیەك لە (گەشەکردندا!) بووە کە لە گرتن و بەندکردن و لەسێدارەدانی تاکە کەسی و دەستەییەوە گەیشتە ئاستی ئەنفالکردن و کیمیابارانکردنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان.

ئەمڕۆ پاش ئەوەی سەدان هەزار لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بوون بە قوربانی ڕژێمە یەك لە دووای یەکەکانی عێراق، مانەوە و دۆشدامان بە دیار عێراقێکی بێگیان و بێخاوەنەوە کە ئەمە پێشینە مێژووییەکەی بێت و تاڵترین ئەزموونمان لەگەڵیدا هەبێت، ڕووبەڕووکردنەوەی گەلی کوردە لەگەڵ مەترسی دووبارەبوونەوە و بەردەوامبوونی هەمان سیاسەتی شۆفێنی عەرەبی دەسەڵاتی ناوەندی، لە یەکێك لە قۆناغەکانی داهاتووی گەشەکردنی دەوڵەتی عێراقیدا، پاش ئەوەی باڵە جۆربەجۆرەکانی شۆفێنیزمی عەرەبی لەسەر پێی خۆیان دەوەستن.

بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد، لایەنی کەم لەم پارچەیەی کوردستان و ڕێگەگرتن لە خۆدووبارەکردنەوەی مێژوو بە زیانی گەلی کورد، پێویستە چیتر چارەسەرەکان تەنها لە چووارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا نەبینرێن و هەنگاوی دروست و پتەو بۆ جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق بنرێت.

دیارە مەرج نییە ئەمە بەو مانایە لێك بدرێتەوە کە دەبێت هەر ئێستا و ڕاستەوخۆ جاڕی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بدرێت و هەموو هۆکارە کاریگەرەکانی تر بخرێنە لاوە. ئەم بابەتە زۆر لەوە گەورەترە کە تەنها دووای هەست و سۆزی خۆمان بکەوین، بەبێ

لێکدانەوەی یەکە یەکەی بارودۆخەکان. بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر گرنگە کاری بەردەوام بکرێت بۆ زەمینە خۆشکردن و کۆکردنەوەی ووزە و تواناکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

دەکرێت ئەمرۆ گەلی کوردستان بە فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی یان هەر شێوازێکی تری پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا قایل بێت ئەگەر بارودۆخە بابەتییەکە وای پێویست کرد، کێشەکە لێرەدا نییە، بەڵکو کێشە لەوەدایە کە خۆمان بکەین بە پاسەوانی پلە یەکی یەکپارچەیی خاکی عێراق و دەرگاکانی ئەگەری جیابوونەوە لە خۆمان دابخەین.

گرنگترین رێگایەك کە دەرگای ئەگەری جیابوونەوەمان بۆ ئاوەڵا دەکات و لایەنی کەم مافمان دەداتێ لە هەر کاتیکدا کە خۆمان پێمان باش بێت جیاببینەوە و جاڕی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بدەین، جێگیرکردنی بەندێکە لە دەستووردا کە (مافی چارەی خۆنووسین تا رادەی جیابوونەوە، بۆ گەلی کوردستان) بە فەرمی بناسێت و دانی پێدا بنێت.

بەم جۆرەش بە پێی دەستووری جێگیری وڵات، لە هەر کات و بارودۆخێکدا کە گەلی کوردستان خۆیان پێیان باش بوو، بۆیان هەیە ئەم مافە بەو پەڕی ئازادییەوە بەکار بهێنن و ریفراندۆم ساز بکەن و ئازادانە بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن و دەنگ بە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بدەن. هەروەها دەتووانرێت ئەم مافە لە هەر کاتێکدا بەکاربهێنرێت کە کێشەیەك بێتە پێشەوە و مافەکانی گەلی کورد بکەوتنە مەترسییەوە، بەم جۆرەش هەمیشە وەك کارتێکی هەڕەشە لە شۆفێنیزم و بەرگری لە ماف و دەسکەوتەکانی گەلی کورد بەکار بهێنرێت.

کەواتە با یەکێك لە ئامانجەکانمان بکەین بە "سەپاندنی (مافی چارەی خۆنووسین تا رادەی جیابوونەوە، بۆ گەلی کوردستان) لە دەستووری عێراقیدا" و بۆ ئەم مەبەستەش دەست بۆ کاری هاوبەش بەرین.

2003 .8 .6

فینلەند

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.